


گۆران هەڵەبجەیی

# پێگەی زانست لە ئیسلامدا

**پێناسەی زانست:**

زۆر سەرچاوە هەن کە بە شێوەی جیاواز پێناسەی زانست دەکەن، وەك ئەم نموونانە:

* زانست پێدانی وێنەیەکە لە زیهندا لە بارەی بۆچوونێکەوە کە پاشان، لەگەڵ واقیعدا یەکدەگرێتەوە.

* زانست مەبدەئی مەعریفەیە و پێچەوانەی جەهلە.

* زانست بەو کۆمەڵە هەوڵ و کارانە دەوترێت کە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و کنە و گەڕان و لێکۆڵینەوەدا دەگەنە پلەیەکی باش لە گشتگیری و سەلماندن.

* زانست ئەو لێکۆڵینەوە میتۆدۆلۆژییەیە کە لەسەر یەك کۆڵەکەی ڕوون دەوەستێت پشت بە بابەتیبوون دەبەستێت.

* زانست ئەو کارەیە کە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بە پراکتیك یان تیۆری لە بوارێکی دیاریکراودا کار دەکات یان دەکەن کە پێشتر لە مێشکدا جێگیر بووە، بۆ هێنانەدیی داهێنانێکی نوێ یان سەلماندنی دیاردەیەك لە ژیانی مرۆڤدا کە لەوەوبەر نەبووە یان کەم و لاواز بووە.

ئەو کەسانەی بەم کارانە هەڵدەستن پێیان دەگوترێت زانا یان بەهرەمەند.

زانست زۆر بوار دەگرێتەوە وەك پزیشکی، فەلەك، سروشت، زیندەوەر، کۆمەڵایەتی، شوێنەوار، بیردۆزی، بایەلۆجی، توخوم، زمان، مێژوو، ئابووری، ژینگە، میوزیك و بواری دیکەش.

زانست بنەمایەکی سەرەکییە لە ژیانی ئینساندا، گەر زانست نەبوایە ژیانی مرۆڤایەتی پێش نەدەکەوت و زانیاریمان دەربارەی دەوروبەر نەدەبوو. زانست ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیان لەسەر گۆی زەوی.

زۆربەی زاناکان ئامانجیان لە داهێنانەکانیان خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، بەڵام هەندێك جار ئەو داهێنانانە لە لایەن دەسەڵاتداران و سیاسییەکانەوە بە خراپ بەکار دەهێنرێن و بە زیان بۆ مرۆڤایەتی دەگەڕێنەوە. بە نموونە: داینەمیت، بارود، تی ئێن تی، ئەتۆم، کیمیا، دەرمانی پزیشکی. کە لە جەنگەکاندا بەکارهێنراون، وەك جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، جەنگی عێراق - ئێران و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و هەندێك جەنگی دیکە.

زۆرێك لە زاناکانی ئەڵمان لە سەروەختی جەنگی جیهانیی دووەمدا دژ بە ئامانجی ئینسانیانەی پیشەکانیان کاریان کرد و بە داهێنانە مەترسیدارەکانیان خزمەتی هیتلەریان کرد. بە تایبەت لە دروستکردنی فڕنی سوتاندنی مرۆڤ و تاقیکردنەوەی جۆرەها دەرمان لەسەر جولەکەکان و بەندکراوانی سیاسی.

ئاشکرایە شارستانیەت کانیاوی زانست و داهێنانە، بە پێچەوانەشەوە داهێنان و زانست، شارستانیەت دەخوڵقێنێت و پێشی دەخات.

**ڕۆڵ و پێگەی زانست لەنێو ئیسلامدا**

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بەم پرسیارە دەست پێبکەم:

ئایا لە سەردەمی جاهیلیدا، لە نیوە دوورگەی عەرەبی، شتێك هەبووە بە ناوی شارستانیەتی عەرەبی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە و بەلای کەمەوە لایەنە

کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانی شرۆڤە بکەین.

لەو سەردەمەدا لە نیوە دوورگەی عەرەبی ژیان زۆر سەخت و دژوار بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەتوویی و کەللەڕەقی و پەیوەندییە خێڵایەتییەکان، سیمای هەرە دیاری ئەو سەردەمە بوون.

لە ڕووی ئابوورییشەوە، هەژاری باڵی بەسەر دەڤەرەکەدا کێشابوو، بۆ دابینکردنی بژێوی، خەڵك پشتی بە لایەنێکی سەرەکی بەستووە، ئەویش بازرگانی بووە، کە ئەمەش لەو قافڵە مەزنانەدا خۆی دەبینییەوە کە لە دەڤەرەکانی دیکەوە شمەکیان هێناوە و پاشان لە مەککە و مەدینە و باژێڕەکانی دیکە فرۆشتویانەتەوە بە بازرگانە گچکەکان، کە ئەوانیش لە دوکانەکانیاندا فرۆشتویانەتەوە. نموونەش بازاڕی عەکاز بووە لە مەککە کە لەو ڕۆژەدا وەك ناوەندێکی بازرگانی پڕ بایەخ سەیر کراوە.

لە پاڵ بازرگانیدا بڕێك لە خەڵکەکە ئاژەڵدارییان کردووە وەك بەخێوکردنی حوشتر و مەڕ، جگە لەم دوو کارە هەندێکیش بە تاڵانی و جەردەیی ژیاون، بە تایبەتی تاڵانکردنی قافڵە بازرگانییەکان. ئەمە پێمان دەڵێت لەو دەمەدا شتێك نەبووە بە ناوی شارستانی کە بەرهەمهێنەری زانست و مەعریفە و پیشەسازی بێت، کە بە هۆیەوە ژیانی خەڵك گەشە بکات.

دەتوانین بڵێین تاکە پیشەسازی لەو دەمەدا دروستکردنی شمشێر بووە، ئەویش پێوستی ناچاری کردوون کە ڕوو بکەنە ئەو جۆرە پیشەسازییە، چونکە بۆ بەرگریکردن لە قافڵەکانیان و هاوکات بۆ شەڕی نێوان خێڵەکان بەکاریان هێناوە.

**لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا**

پاش ئەوەی محەمەد پەیامەکەی خۆی ڕاگەیاند و هێندێ خەڵکان هاتنە سەر ڕێبازەکەی، دۆخەکە هەر وەك خۆی مایەوە، تەنها شتێك کە زیادی کرد داگیرکردنی وڵاتان بوو لە ژێر ناوی غەزەوات و فتوحاتدا، کە ئەمەش گەورەترین دەستکەوتی ئابووری بوو بۆ باوەڕە نوێکە. چونکە ئەو شوێنانە لە ئاستی بژێویدا لە دوورگەی عەرەبی زۆر پێشکەوتووتر بوون، بەمەش موسوڵمانەکان بوونە خاوەنی سەرمایەیەکی باش، کە لە ڕێگەی بەتاڵان بردنی سامانی ئەو دەڤەرانەی کە داگیر دەکران دەستیان دەکەوت.

بۆیە محەمەد و پاشانیش خولەفاکانی ڕاشدین بیریان لە هیچ جۆرە پیشەسازییەك یان زانستێك نەکردۆتەوە، چونکە بە حازری و بێ ماندوبوون و بە خۆڕایی هاتوەتە بەردەستیان.

لەو دەمەدا کیشوەرەکانی دیکە و شارستانییەکانی دیکە وەك میسرییەکان، فارسەکان، ڕۆمەکان، یۆنانییەکان و چینیەکان ئەمانە خاوەن زانست و شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بوون. هەر یەکێك لەم ئیمپراتۆرانە خاوەنی چەندین زانا و فەیلەسوف بوون، کە کاریگەری و جێ دەستیان لە بوارە جیاجیاکاندا دیار بووە.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە نە محەمەد و نە خەلیفەکانی دوای خۆی، گرنگییان بە زانست یان بە ئیستاتیکا نەداوە چەند نموونەیەك دەهێنمەوە.

- ڕۆژێك محەمەد بە یاوەریی (ئەنەسی کوڕی مالیك) بە مەککەدا دەگەڕێت، لە پڕ چاوی بە خانویەکی

جوان دەکەوێت کە بە گومەزێك ڕازێنراوەتەوە. بە تووڕەییەوە دەپرسێت ئەو گومەزە هیَ کێیە؟ ئەنەس دەڵێت هی فلان کەسە. ئەنەس لە مەسیجەکە تێدەگات و پاشان بە خاوەن خانوو دەڵێت و ئەویش ناچار دەبێت بیڕوخێنێت. دوایی کە پەیامبەر دەزانێت گومەزەکە ڕوخاوە دەڵێت «هەموو گوومەزێك بەڵایە بۆ خاوەنەکەی».

هەروەها جارێك عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بۆ نانخواردن پەیامبەر بانگهێشت دەکات. کاتێك پەیامبەر دەیەوێت بچێتە ژوورەوە، بە دیواری ژوورەکەیانەوە پارچە چەرمێکی ئاژەڵ دەبینێت کە وێنەی لەسەرە. دەگەڕێتەوە دواوە و دەڕوات. عەلی بە دوایدا دەچێت و دەپرسێت بۆ نەهاتیتە ژوورەوە. لە وەڵامدا دەڵێت «نامەوێت بچمە ماڵێکەوە کە زەوقی تێدا بێت». ئەوانیش ناچار دەبن تابلۆکە لابدەن.

**چەند نموونەیەکی دیکە لەم بارەوە:** لە سەردەمی خەلیفە عومەر کوڕی خەتتابدا سەرکردەییەکیان بە ناوی (ئەبو دەڕدائ)، کە لە «حیمص» دانیشتووە خانوویەکی جوان بە حەوشەیەکی گەورەوە درووست دەکات. ئەم هەواڵە دەگاتەوە دەمی عومەر، ئەویش بۆی دەنووسێت و تێیدا سەرزەنشتی دەکات و دەڵێت «ئایا ئەوەی لە ڕۆمەکانەوە بۆمان جێماون بەس نین؟». هەر لە دوای ئەوە وەك سزایەك دەیگوێزێتەوە بۆ دیمەشق.

هەر عومەر نامەیەك بۆ ئەبو موسا دەنووسێت لە دەڤەری وڵاتی فارس و پێی دەڵێت «بینای زۆرتان بۆ بەجێ ماوە لە فارس و ڕۆمەکانەوە، بۆیە پێوست ناکات هیچی دیکە درووست بکەن و ئەوانە بەسن».

لە دەمی داگیرکردنی میسر و وڵاتی فارسدا لەلایەن سوپای ئیسلامەوە. هەریەك لە (عەمرو کوڕی عاص) لە میسرەوە و (سعد بن ئەبی وەقاص) لە وڵاتی فارسەوە، لە کاتی جیاجیادا نامە بۆ خەلیفە عومەر دەنێرن. تێیدا داوا دەکەن چی بکەن لەو گشت کتێب و دەستنووسە گرنگانە.

ئەویش لە وەڵامدا دەنووسێت: (گەر هیدایەتیان تێدایە، ئەوە پێوستمان پێی نییە، چونکە خوا هیدایەتی داوین، لە قورئانەوە هەموو شت وەردەگرین، خۆ گەر تێیاندا نییە ئەوە بێکەڵکن و بۆیە پێویستمان بەو کتێبانە نییە و لەناویان بەرن).

تا ڕۆژی ئەمڕۆش کارەساتی لە نێوبردنی کتێبەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەریە لە میسر لە مێژوودا بە کارەساتبارترین ڕووداوی زانستی هەژمار دەکرێت. مێژوو دەڵێت «لەو کارەدا هەزارەها کتێبی بەکەڵك خرانە ئاوەوە».

هەر بۆیەش ئیبن خەلدون سەبارەت بە پەیوەندیی عەرەب بە شارستانیەتەوە دەڵێت: «عەرەب لە ژینگەیەکی بەدەویدا ژیاوە و ئەو سەقافەتەی وەرگرتووە، بۆیە هەر وڵاتێك داگیر بکەن بە خێرایی کاولکاری ڕووی تێدەکات، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەوانە ئومەیەکی وەحشین و دژی ئاوەدانین».

لە شوێنێکی تردا ئیبن خەلدون دەڵێت «ئیسلام بەرهەمی (سریان و کلدان و ئاشوری و فارسی وەرگرتووە و بە ناوی شارستانیەتی ئیسلامەوە بڵاویان کردووەتەوە».

هەروەها دەڵێت «بە هۆی ئەوەی خۆیان زانست

و پیشـەیان نەبـووە، هـەر بۆیـەش نرخیـان بـۆ ئـەم کارانـە دانەنـاوە». پـاش داگیرکردنـی هـەر شـوێنێك ئەوجـا بۆیـان دەردەکەوتـووە کـە ئـەوان چەنـد لـە دواوەن.

لـە بەرامبـەردا دەبینیـن نەتەوەکانـی چیـن، هنـد، نەسرانییـەکان، عەجـەم و ئەهلـی ڕۆژهـەڵات لای ئەمانـە پیشـەسـازی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـردووە، چونکـە خاوەنـی شارسـتانیەتن.

سـەیر لەوەدایـە ئیـبن خەلـدون لـەو کاتـدا ئـەو بۆچوونـەی هەبـووە، کەچـی تـا ئیسـتا حاڵەتەکـە گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆی بەسـەردا نەهاتـوە.

* هەروەهـا سـاعد کـوڕی ئەحمـەد ئەندەلوسـی لـەو بارەیـەوە دەڵێـت «ئیسلام بە هیچ جۆرێك گرنگیی بە زانست نـەداوە، گرنگییان تەنها بە ئەحکامی شـەریعە و زمانەکەیـان داوە».

## سەردەمی عەبباسیەکان و تەوژمی وەرگێڕان

ئـەم حاڵەتـە، واتـە نامۆبـوون بـە شارسـتانی و مەعریفـە بـەردەوام بـوو تـا سـەرەتای دەسـەڵاتی خەلیفـە ئەبـو جەعفـەری مەنسـوور (754 - 775ز) کـە بـە دامەزرێنەری خەلافەتـی عەبباسـی هەژمـار دەکرێـت. پـاش ئـەوەی بەغـدای بینـا کـرد، ئیـدی لەوێـوە حوکمـی کـرد.

لـەو دەمـەدا بـواری مەعریفـی سـوکە تەکانێکـی بـۆ پێشـەوە دا. ئەبـو جەعفـەر نامەیـەك دەنێرێـت بـۆ پادشـای ڕۆم کـە هەندێـك لـە کتێبـە وەرگێڕدراوەکانـی (ئاوکلیـدۆس)ی بـۆ بنێرێـت. بـە تایبـەت دەربـارەی سروشتناسـی. ئەویـش هەندێـك کتێبـی بـۆ نـارد کـە ڕۆمـەکان خۆیـان وەریانگێڕابـووە سـەر زمانـی عەرەبـی.

بـەڵام ئـەو تەکانـە مەزنـە یـان ئـەو پێشـکەوتنە مەزنـەی لـەو بـوارەدا ڕوویـدا لـە ژێـر دەسـەڵاتی هارونـە ڕەشـید و کوڕەکانـی ئەمیـن مەئمـون بـوو.

سـەردەمی هـارون کـە بـە سـەردەمی زێڕیـن هەژمـار دەکرێـت و پاشـان کوڕەکانـی بـە تایبەتـی مەئمـون، سـەدەها کاری تەرجەمـە ئەنجـام دران لـە زمانەکانـی فارسـی و یۆنانـی و لاتینـی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبـی. ئـەو کتێبانـەی کـە وەرگێڕدرانـە سـەر زمانـی عەرەبـی زۆربەیـان بەرهەمەکانـی فەیلەسـوفە یۆنانییـەکان بـوون، وەك ئەرسـتۆ، سـوکرات، بەتلیمـۆس و ئەفلاتـون و ئەوانـی دیکـە.

**ئەکادیمیای گوندی شاپور کلیلی کردنەوەی دەرگای بواری تەرجەمە و زانست بوو بۆ دەوڵەتی عەبباسی. ئەم گرنگیدانەش بە هۆی کاریگەرییانەوە بوو بە کولتووری فارسی، نەك بە هۆی ئیسلام بوونیانەوە**

عەرەبەکان بەم جۆرە زانستە نوێیەیان دەگووت (زانستی ئەقڵ) یان «حکمة».

گرنگە بزانین ئەم کارانەی وەرگێڕان چۆن کراون و کێ کردوونی؟ لە سەردەمی جەنگی فارسەکان (ساسانییەکان) و ڕۆمەکاندا (241 - 271 ز)، ژمارەیەک ئەفسەر و سەرباز و سڤیل لە لایەن فارسەکانەوە بەدیل دەگیرێن، ئەمانە تێکەڵەیەک بوون لە جۆرەها نەتەوە ئەتنیک و ئایین و کەلتووری جیاواز، بەمەش سوودێکی مەزنیان گەیاند بە ساسانییەکان.

ئەم کەسانە یان ئەم یەخسیرانە پادشا شاپوری زەردەشتی شارێکی پی درووستکردن بە نێوی (گوندی شاپور) یا گوند سابور، ئەو یەخسیرانە کۆمەڵێک زانا و کەسانی بەهرەمەندیان تێدا بووە بە تایبەتی لە بواری پزیشکی و دەرمانسازی و بیناسازیدا. لەوێ ئەکادیمیایەک دروستکرا، ئەوانە لەو ئەکادیمیایەدا توانییان گەشەیەکی مەزن بە بواری مەعریفە لە زۆر بواردا بدەن و کتێبە بەناوبانگەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکانیان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی فارسی. ئەم بنکە زانستییە گەشەی باشی کرد و بەردەوامیی وەرگرت و بووە بنکەیەکی ڕوناکبیری و زانستی لە وڵاتەکەدا. پردەکەی سەر دەریای قارون کە تا ئێستاش ئاسەواری ماوە، یەکێکە لە کارە جوان و نایابەکانی ئەندازیارەکانی ئەو سەردەمە.

ئەکادیمیای گەند ساپوور لە زۆر بواری زانستیدا جێ دەستیان دیار بووە، بە تایبەتیش بواری پزیشکی، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش کۆلیژە پزیشکییەکەی باشترین و بەناوبانگترین کۆلیژە لەسەر ئاستی ئێران.

هارونە ڕەشید ناوبانگی ئەو ئەکادیمیەی بیستبوو، بۆیە کۆمەڵێک خەڵکی نارد کە هەندێک لەو کتێبانە وەربگێڕن بۆ سەر زمانی عەربی بە تایبەت لە بواری پزیشکییدا. ئەوانەی کە توانای وەرگێڕانیان هەبوو تەنها وەرگێرە سریانییەکان بوون واتە کریستیانەکان. لە بەغداد شوێنێك هەبوو بەنێوی (دار الحكمة) یان (بيت الحكمة) ئەم بینایە تەنها وەك مەخزەن یان عەمبارێکی کتێب بەکار دەهێنرا. هارونە ڕەشید ویستی شوێنێك لە هاوشێوەی گوندی شاپور یان کتێبخانەی ئەسکەندەریەی میسر بنیات بنێت. بۆیە ئەو شوێنەی کردە ئەکادیمیایەك و کۆمەڵێك خەڵکی شارەزا و وەرگێڕی لە ئەکادیمیای گوندی شاپورەوە بۆ هێنا کە هەموویان کریستیان بوون. هەر ئەوانیش پێشتر زۆرێك لە کتێبەکانی ئەو ئەکادیمیایەیان وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی.

ئەکادیمیای گوندی شاپور کلیلی کردنەوەی دەرگای بواری تەرجەمە و زانست بوو بۆ دەوڵەتی عەبباسی. ئەم گرنگیدانەش بە هۆی کاریگەرییانەوە بوو بە کولتووری فارسی، نەك بە هۆی ئیسلام بوونیانەوە. بۆ نموونە هارونە ڕەشید لەسەر دەستی بنەماڵەیەکی فارسی ناودارا پەروەردە کرابوو بە ناوی (بەرمەکییەکان). هەروەها زانای بەرمەکی یەحیا بن خالد بەرمەکی فێری خوێندنی کردبوو.

مەئمونی کوڕی، لە سەردەمی خەلافەتی باوکییدا والی خۆراسان بووە و دایکی فارس بووە و زانایەکی بەرمەکی بە ناوی (جەعفەر بەرمەکی) پەروەردەی کردوە.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەکادیمیای گوندی شاپور. لەو

سـەروبەندەدا سـەقافەتی یۆنانـی تاڕادەیـەك زاڵ بـوو بەسـەر ئەکادیمیـای گونـدی شـاپوردا، بـە تایبـەت بەرهەمەکانـی ئەفلاتـۆن و ئەرسـتۆ و پیتاگـۆرس و بـە تایبەتیـتر لـە بـواری پزیشـك و فەلسـەفە و مەنتیقـدا، لـە دوایـدا بەشـەکانی بیـرکاری، فەلـەك، موزیـك، کیمیـا، زمانەوانـی و بەشـی تـری تێـدا کرایـەوە، ئـەم گەشـەکردنە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی خـەسرەوی یەکەمـدا ڕوویـدا (531 - 579 ز).

وەك پێشـتر ئاماژەم پێـدا زۆربـەی وەرگێـڕەکان کریسـتیان بـوون. لـەم بـارەوە (دەی پـاوڵ)ی ڕۆژهەڵاتناسـی هۆڵەنـدی دەڵێـت «ئەوانـەی لـە بـواری وەرگێـڕان لـە نێـوان سـەدەکانی (8 - 10 ز) کاریـان کـردوە دەتوانـم بڵێـم هـەر هەموویـان سریـان بـوون».

کەواتـە لـەم حاڵەتـەدا تەنهـا شـتێك پەیوەندیـی بـە ئیسـلامەوە هەبووبێـت پـارە بـووە، ئەویـش هـی زەکات و جزیـە و تاڵانیـی وڵاتـان بـووە. چونکـە کتێبـەکان یۆنانـی یـان فارسـی بـوون وەرگێـڕەکان کریسـتیان بـوون. کریسـتیانەکان لـەو دەمـەدا جگـە لـە کارکـردن لـە بـواری وەرگێڕانـدا خۆشـیان چەندیـن خوێندنگایـان بەڕێوەبردووە وەك خوێندنـگای ڕوهـا، مـار یەعقـوب، نەسـیبین، ئەمانـە جۆرەهـا زانسـتیان تێـدا دەخوێنـرا (2 - 4 ز).

یەکێـك لـە خوێندکارەکانـی ئەکادیمیـای گونـدی شـاپور (یوحەننـا بـن ماسـویە) بـوو کـە پاشـان بـووە دکتـۆری تایبەتـی هارونـە ڕەشـید.

یوحەننـا مەسـیحیی سریانـی بـوو، هارونـە ڕەشـید ڕایسـپارد بـۆ تەرجەمەکردنـی بـواری پزیشـکی، پاشـان هارونـە ڕەشـید یوحەننـای کـردە سـەرۆکی وەرگێـڕەکان، ئـەم مرۆڤـە خـۆی و کوڕەکانـی خزمەتـی هارونـە و کوڕەکانیـان کـرد تـا دەگاتـە متـەوەکل بیلـلا.

دەڵێـن هـەر ئـەم کەسـە بـوو کـە بـۆ یەکـەم جـار جەسـتەی مەیمونـی (تەشریـح) کـرد. جگـە لەمـە زیاتـر لـە 28 کتێبـی نووسـیوە، بـە سریانـی و عەرەبـی و یۆنانـی قسـەی کـردوە.

یەکێکـی دیکـە لـەو وەرگێڕانـەی گوند شـاپور (حنیـن بن ئیسـحاق) بـووە، 873 – 809 کـە بـە شـێخی وەرگێـڕەکان ناسراوە.

حونیـن ماوەیـەك بەڕێوەبـەری (دار حکمـة) بـووە لـە بەغـدا، ئەمیـش چەندیـن زمانـی زانیـوە وەك سریانـی، فارسـی، یۆنانـی و عەرەبـی. وەك دەڵێـن پـتر لـە 100 کتێبـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، یەکـەم وەرگێـڕ بـوو کـە لـە بـری وەرگێڕانـی حەرفـی ناوەڕۆکـی وەردەگێـڕاوە.

حەنیـن دوو کـوڕی هەبـوو بـە ناوەکانـی ئیسـحاق و داود، کـە یەکێکیـان فەیلەسـوفێکی فـرە بەهـرە بـووە، ئـەوەی دیکەیـان وێـڕای کاری پزیشـکی شـارەزایی لـە زانسـتەکانی دیکەشـدا هەبـووە.

ئیسـحاق بەرهەمەکانـی ئەرسـتۆ و سـوکرات و چەنـد فەیلەسـوفێکی دیکـەی یۆنانیـی وەرگێـڕاوە. بـە هەمـووی 25 کتێبـی وەرگێـڕاوە.

ناوی هەندێك لە وەرگێڕەکانی تر:

* قەسـتا بـن لـوکا، لـە بەعلەبـەگ لەدایکبـووە. هەروەهـا لـە بـواری فەلـەك، بیـرکاری و نووسـیندا کاری کـردووە. پـتر لـە 60 بابەتـی نووسـیوە.

* ثابـت بـن قـرە - 801، کەسـێکی سـابیئی بـووە لـە بەغـدا ژیـاوە لـە فەلسـەفە و بیـرکاری و فەلەکـدا شـارەزایی هەبـووە.

* یەحیای نەحوی کە زیاتر کاری وەرگێڕانی کردوە. غەزالی دەڵێت «زۆربەی زانیارییەکانم لە کتێبە وەرگێڕاوەکانی یەحیاوە وەرگرتووە».

* سهل بن بیشر، 786 - 845: جولەکە بووە کتێبەکانی بەتلیمۆسی کردوەتە عەرەبی. لە تەبەرستان لە ئێران ژیاوە.

* بنەماڵەی بەخت یەشوع (بختیشوع): لە ماوەی 250 ساڵدا خێزانێکی کریستیانی سریانی بە ناوی (بەخت یەشوع) شەش نەوەی دکتۆریان پێگەیاندووە، یەکێك لەوانە جرجیس جوبرائیل بن یشوع بووە کە چارەسەری ئەبو جەعفەری مەنسوری کردوە، دەمێك نەخۆشی گەدەی بووە، سەردەمانێك جرجیس سەرۆکی بیمارستانی گوندی شاپور بووە.

* یەکێك لە کتێبەکانی دەربارەی نەخۆشیی شەکرە بووە. کە ئیبن سینا و ڕازی سودیان لەم کتێبە وەرگرتووە 980 - 1037.

* یخشوع بن جرجیس: دکتۆری تایبەتی هارونە ڕەشید بووە هاوکات سەرۆکی دەستەی پزیشکەکانی بووە.

* جبرائیل بن یخشوع پزیشکی تایبەتی ئەمینی کوڕی هارونە ڕەشید بووە، هاوکات سەرۆکی بیمارستانی بەغدا بووە.

ئەوەی سەیرە دەگێڕنەوە کە چی هارونە ڕەشید و چی کوڕەکانی هێندە متمانەیان پێیان بووە. بەبێ ئامادەبوونی یەکێك لە پزیشکەکانی یەخشوعییەکان نانیان نەدەخوارد.

ئیبن خەلەکان دەیگێڕێتەوە دەڵێت: «ئەمین داوای لە حنین بن ئیسحاق کردوە کە ئەویش پزیشك بووە و لە هەمان بنەماڵەی یەخشوعییەکان بووە، داوای لێدەکات کە ژەهرێکی بۆ دروست بکات تا یەکێك لە نەیارەکانی پێ بکوژێت، ئەویش ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە ساڵێك دەیخاتە بەندیخانەوە. پاشان ئازادی دەکات و دیسان هەمان داوای لێدەکاتەوە، ئەویش بۆ جاری دوەم ڕەتی دەکاتەوە. ئەمین پێی دەڵێت گەر فەرمانەکەم جێبەجێ نەکەیت ملت دەپەڕێنم. دیسان ڕەتی دەکاتەوە».

ئەمین لێی دەپرسێت بۆ ژیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە؟ لە وەڵامدا حنین دەڵێت «پیشەکەم بۆ ئەوەیە خزمەتی خەڵکی پێ بکەم نەك خەڵکی پێ بکوژم، دوەم من کرستیانم و ئایینەکەم ڕێگەم پێ نادات کاری وا بکەم، چونکە ئایینەکەم پێم دەڵێت دوژمنەکانی خۆتت خۆش بوێت». ئەمینیش لە کۆتاییدا قەناعەت بە قسەکانی دەکات و ئازادی دەکات.

گەر ئەو وەرگێڕە کریستیانانە نەبوونایە ئیسلام هیچی دەربارەی فەلسەفە و زانستی یۆنانییەکان نەدەزانی. کەچی سەیر لەوەدایە هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلامی باسی ئەم وەرگێڕە کریستیانانە ناکات.

ئەفسانەی (ئەلف لەیلە و لەیلە) کە بە کوردی دەکاتە هەزارویەك شەو. ئەم ئەفسانەیە لە بنەڕەتدا فارسییە و لە فارسەکانەوە وەریانگێڕاوە، بەڵام عەرەب هەرگیز باسی سەرچاوەکەی ناکات.

سەلمێنەری ئەم بۆچوونەش ناوەکانن. لە زمانی عەرەبییدا هیچ ناوێك نییە بە نێوی شەهرزاد یا شەهریار. ئەم دوو ناوە کە پاڵەوانی ئەفسانەکەن

هەردووکیان ناوی فارسین، وەرگێڕی ئەم ئەفسانەیەش کەسێکە بە نێوی (المسعودي) لە «مروج الذهب». یاخود (کەلیلە و دیمنە) کە وا ناسراوە ئەفسانەیەکی عەرەبییە، بەڵام لە ڕاستیدا هندییە و لە هندییەوە کراوەتە سریانی، پاشان لە سریانییەوە وەرگێڕدراوە بۆ فارسی، عەبدوڵا کوری مقفع لە فارسییەوە کردویەتییە عەرەبی. کە فارسێکی زەردەشتی بووە، پاشان بوەتە ئیسلام.

## خزمەتی زانا ناعەرەبەکان بە زانستە ئیسلامییەکان

گەر چاوێك بە ناوی ئەو زانایانەدا بخشێنین کە خزمەتی ئیسلامیان کردوە لە زانستە جیاجیاکاندا، دەبینن زۆربەیان عەرەب نەبوون و سەر بە نەتەوەکانی دیکە بوون:

- بوخاری خەڵکی (بوخارا)ی ئۆزبەکستان بووە.
- مسلم بن حجاج خەڵکی نیشاپور بووە لە ئێران.
- ئەساله، تورکمانستان.
- تەرمەزی، ئۆزبەکستان.
- ئیبن ماجە، ئێران.
- محمد بن جریر الطبری، طەبەرستان.
- سیبەوەیھ: شیراز ئێران، نەحوی عەرەبی درووست کرد.
- ئیبن خەلەکان، خەلەکانی کوردستان.
- عباس بن فرناس: ئەمازیخی.
- ئیسماعیل جەزیری. جەزیرەی باکووری کوردستان.

## ڕاوبۆچوونی زانا ئیسلامییەکان سەبارەت بە زانستە عەقڵییەکان

با بیینە سەر ڕاوبۆچوونی زانا و فوقەهاکانی موسڵمان دەربارەی زانستی عەقڵی:

ئیبن تەیمییە: ئیبن تەییمیە بە یەکێك لە توندڕەوترین فوقەهاکانی ئیسلام هەژمار دەکرێت. زۆر بە توندی دژی هەموو جۆرە زانستێك بووە و ئەو زانایانەش لەو بوارەدا کاریان کردبێت بە زەندەقە و مولحید ناوی بردوون. ئەمەش هەندێك لە بۆچوونەکانیەتی دەربارەی زانست و زاناکانی ئەو سەردەمە:

* تەنها شتێك کە بتوانین ناوی بنێن زانست ئەوەیە کە لە محەمەدەوە بۆمان ماوەتەوە، جگە لەوە یان زانست نییە، یان بێ کەڵکە.

* ئەوانەی لە فەلسەفەدا کاردەکەن، کەسانی سەرلێشێواون و خەڵکانی دیکە بەلاڕێدا دەبەن، خۆیان درۆ هەڵدەبەستن و ئەو شتانەشی دەیگوێزنەوە نەزانینە لە لۆژیکدا.

هەروەها ئیبن تەیمییە دەربارەی ئیبن سینا پرسیاری لێدەکەن کە پێت فەیلەسوفە؟ لە وەڵامدا دەڵێت «لە نێو ئیسلامدا فەیلەسوف بوونی نییە».

ئیبن تەیمییە لە شوێنێکی دیکەدا دەربارەی زانستی کیمیا دەڵێت: «هیچ کەسێك لە ئەنبیاکان ئەهلی کیمیا نەبوون، نە زاناکانی ئاین نە مەشایخە موسوڵمانەکان نە ئەسحابەکان و نە شوێنکەوتوانی، ئەهلی کیمیا نەبوون».

دیسان ئیبن تەیمییە دەربارەی فەلسەفەی ئیبن سینا (980 - 1037) کە فارس بووە، دەڵێت: «ئیبن سینا شتێکی نەهێناوە کە لە ئیلاهیات و لە شەریعەتدا هەبێت. هەموو بیر و بۆچوونەکانی لە مولحیدەکانەوە وەرگرتوە. ئیبن سینا و شوێنکەوتوانی لای موسوڵمانەکان بە مولحید ناسراون و کتێبەکانی هەمووی کوفرن. بۆیە لە فەلسەفەدا کاری کردوە چونکە بە خێزان کافر بوون».

هەروەهـا دەربـارەی ڕازی (864 - 923) دەڵێـت: «هەرچـی خراپـی نێـو ئایینـەكان هەیـە ئـەم وەریگرتـوە، بـە تایبـەت لـە سـابئە و دەهریـە و فەلسـەفەكانیان. بۆیـە دەبینیـن كۆمەڵێـك لـە زەندەقەكانـی جیهـان سـواری مەزهەبەكـەی بـوون».

دەربـارەی كیمیـاش دەڵێـت: «كیمیـا زۆر لـە ڕیبـا حەرامـترە، كەسـانێك لـە كیمیـادا كار ناكـەن گـەر زمانـی ڕاسـتگۆییان هەبێـت. یـان شـێخێكی خەڵـك شـوێنكەوتوو بێـت، یـان پادشـایەكی عـادل بێـت، یـان وەزیرێكـی پـاك بێـت. ئەوانـەی لـەم بـوارەدا كار دەكـەن شـێخانێكی سەرلێشـێواون بـە نموونـەی ئیبـن سـینا و هاوشـێوەكانی».

شـافیعی: (شـافیعی) لـەو بـارەوە گوتویەتـی هـەر زانسـتێك لـە دەرەوەی زانسـتی ئیسـلام بێـت، تەنهـا كات بـە فیـڕۆدانـە، یـان دەڵێـت «جگـە لـە زانسـتی فقـی ئیسـلام ئەوانـی دیكـە هەمـووی ڕاڕایـی و كاری شـەیتانە».

ئەوزاعـی: (ئەوزاعی)یـش دەڵێـت: هـەر زانسـتێك لـە پەیامبـەر و ئەسحابەكانەوە نەهاتبێـت ئـەوە زانسـت نییـە. (سـیوطی): (جەلالەدیـن سـیوطی) دەڵێـت: هونـەری لۆژیـك هونەرێكـی پیسـە، چونكـە ڕامانـدەكێشـێت بـۆ فەلسـەفە و زەندەقـە، هیـچ سـودێكی ئایینـی و دنیایشـی تێـدا نییـە. بۆیـە پێویسـتە حـەرام بكرێـت.

(ئیبـن صـەلاح): وتویەتـی فەلسـەفە بۆتـە مایـەی سەرلێشـێواندن و زەندەقـە، هـەر كـەس فەلسـەفە لێبـدات چـاوی كوێـرە لـە ئاسـت باشـییەكانی شـەریعەت كـە بـە بورهـان پشـت ڕاسـت كراونەتـەوە. ئەوانـە شـەیتان دەیانبزوێنێـت و دڵیـان تاریكـە بەرامبـەر پەیامەكـەی محەمـەد. پێویسـتە لەسـەر ئیمانـداران و دەسـەڵاتدارانی موسـوڵمان لـە شـەڕی ئەمانـە بمانپارێـزن و لـە خوێندنـگاكان دوریـان بخەنـەوە.

غەزالـی: غەزالیـش دەربـارەی ئیبـن سـینا دەڵێـت: ئیـبن سـینا زانـای ئیسـلام نەبـووە، بەڵكـو یەكێـك بـووە لـە شـەیتانەكان، هەروەهـا دەربـارەی فارابـی و ئیـبن سـینا دەڵێـت: «گومانـم لـە كافربوونیـان نییـە».

فارابـی (872 - 950) كـە زانایەكـی فرەلایـەن بـووە، لەژێر دەسـتی (ابـو بـشر متـی بـن یونـس)دا دەرسـی خوێنـدوە كـە ڕۆژانـە سـەدەها خوێنـدكار گوێیـان بـۆ وانەكانـی گرتـوە. فارابـی كـە هاتـە بەغـدا ئـەم فەیلەسـوفە مەسـیحیەی دی و لای ئـەو وانـەی خوێنـد كـە لـەو دەمـەدا زیاتـر باسـی لـە فەلسـەفەكانی ئەرسـتۆ دەكـرد.

ئیبن قەییـم: بـە ئیـبن سـینا دەڵێـت شـێخی مولحیدیـن یـان ئیمامـی مولحیدیـن، چونكـە باسـی لە فەلسـەفەكانی ئەرسـتۆ كـردوە، یـان بـە ئیـبن سـینایان گوتـوە كافرێكـی زیـرەك.

زۆرێكـی تریـش ڕای دژ و خراپیـان بەرامبـەر بـە ئەبـن سـینا هەبـووە. بـۆ نموونـە غەزالـی لـە كتێبـی (الشـفاء)دا ئیـبن سـینا و فارابـی تەكفیـر كـردوە.

بـە گشـتی نزیكـەی 45 زانـای ئیسـلامی لـە هەمـوو مەزهەبـەكان، كاركردنیـان لـە مەنتقـدا حـەرام كـردوە. لـە نێوانـدا شـافعی، ئیـمام حرمیـن، غەزالـی وەك پێشتر ئامـاژەم پێـدا.

بـەم جـۆرە دەبینیـن بەتواناتریـن فەیلەسـوفەكانی ئـەو دەمـە وەك (فارابـی، ڕازی، ئیـبن سـینا) لەبـەر دیـدی زاناكانـی ئیسـلام كافـر و زەندیـق بـوون.

(عەبدولڕەحمان بەدەوی) لە کتێبی (مێژووی ئیلحاد لە ئیسلامدا) لا. 233، دەڵێت: لایەنی بێباوەڕی لە فەلسەفەی ڕازیدا ڕوون و ئاشکرایە. بە تایبەتی لە کتێبەکەیدا بە ناوی «العلم الالهي» و «مخاريف الانبياء».

**دید و تێڕوانینی زانا ئیسلامییە هاوچەرخەکان بەرامبەر زانست**

پاش ئەوەی دید و تێڕوانینی زاناکانی ئیسلامان زانی لە سەردەمی کۆندا دەربارەی زانست، با بزانین زاناکانی ئەم سەردەمە لەو بارەوە چی دەڵێن؟

* ئیبن باز، موفتیی پێشووی سعودیە دەڵێت: هەر کەس گووتی زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەوە کافرە و دەبێت بکوژرێت.

* ئەل - عوسەیمین: تا ئێستا زانست خولانەوەی زەویی بە دەوری خۆردا نەسەلماندوە.

* ساڵح فەوزان: قسەکردن دەربارەی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا مەزهەبی مرۆڤە عەلمانییەکانە کە مەزهەبێکی کفر و ڕێگە ونکەرە.

* نەجیب بەندەر خبیری: گەر زەوی دەسووڕێتەوە، بۆچی هەست بە گێژبوون و سەرێشە ناکەین؟

* محمد عریفی: گەر زەوی دەسوڕێتەوە کەواتە دەمێك سواری فڕۆکە دەبین دەبێت لە وڵاتێکی دیکە بنیشینەوە نەك لەو وڵاتەی بۆی دەفڕین. هەر لەو بارەوە بانگخوازێکی قەتەریی گەنج دەڵێت، بڕوا بە بیردۆزەکان مەکەن هەمووی درۆیە، خۆ گەر وابێت گەر ئێمە لە فڕۆکەخانەی شارقە و لە قەتەر بفڕین بۆ فڕۆکەخانەی شەنگهای لە چین، لە ڕێگا فڕۆکەکە لە ئاسمان (بوەستێت)، ئەوە دەمە فڕۆکەخانەی شەنگهای دەبێت بێتە ژێر فڕۆکەکەمانەوە.

پێدەچێت ئەو بانگخوازە وابزانێت فڕۆکەش وەك سەیارە و شەمەندەفەر و کەشتی دەتوانێت بوەستێت. هەروەها کەسێك هەیە بە ناوی دکتۆر (عەدنان ئیبراهیم). ئەم کەسە بانگخوازێکی مۆدێرنە و لە نەمسا دەژی. جیاوازیی ئەم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەیە، ئەم بڕوای بە زانست هەیە و دەڵێت «ئیسلام لە ڕابردوودا گرنگی زۆری بە زانست داوە». لەو بارەوە دەڵێت: ئێمە لە ڕابردوودا زانستمان هەبووە، داهێنەر بووین بەڵام ئەوروپا لێمانی دزیوە. لەو شوێنەی ئێمە وەستاین ئەوان دەستیان پێکرد. ئەو ڕۆژە دێت کە دەستی پێبکەینەوە و لە ڕووی زانستەوە ڕیادەی جیهان بکەین.

ئەمانەی ئاماژەم پێکردن تەنها نموونەیەکن لە خەروارێك. زۆری دیکە هەن هەمان بۆچوون یان نەگەتیڤتریان هەیە دەربارەی زانست. بانگخوازانی کوردیش هەمان شێوەی بانگخوازانی عەرەب، لەم ڕووەوە ڕۆڵی خراپیان هەیە. بۆ نموونە دکتۆر عەبدولواحید، خۆی پزیشکە بەڵام باوەڕی بە زانست نییە و زیاتر باوەڕی بە خورافیات یان بە پزیشکی نەبەوی و بە قورئان خوێندن هەیە بۆ چارەسەری نەخۆش. ڤیدیۆکانی لە یوتیوب گەواهیی ئەوە دەدەن. یاخود کەسێکی دیکەی کوردیش کە لە ئەورپا دەژی لە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت «ئێمە ڕیادە و سیادە و قیادەی جیهانمان کردوە لە ڕووی زانستەوە، بەڵام کافرەکان لێیان وەرگرتین و خۆمان بەدەست بەتاڵ ماینەوە».

## لە قوتابخانە ئیسلامییەکەی لەندەن چی دەخوێنن؟

لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئەورپـا خوێندنـگای تایـەت بـە موسوڵمانەکان هـەن. ئـەم خوێندنگایانـە لەژێـر کۆنترۆڵی دەوڵـەت یـان وەزارەتـی خوێندنـی ئـەو وڵاتانـەدا نیـن، بەڵکـو لەلایـەن دەسـتەیەك پیـاوی ئایینـی ئیسـلامەوە سەرپەرشـتی دەکرێـن، کـە لـە زۆر حاڵەتـدا کەسـانی توونـدڕەو و سـەر بـە ڕەوتـە سـەلەفی و ئیرهابیەکانـن. ئەوانـەی لـەو خوێندنگایانـەدا دەخوێنـن زۆربەیـان منـداڵ و مێردمنداڵـن. مەبەسـت لـەم خوێندنگایانـە پـتر ئاشـناکردنی ئـەو خوێندکارانەیـە بـە ئیسـلام و ئەرکانەکانـی ئایینـی ئیسـلام و قورئـان خوێندنـە. لـە پاڵیشـیدا هەندێـك وانـەی تـر دەخوێنـن وەك زمـان، بیـرکاری، مێـژوو تـاد.

ڕۆژنامەنووسـێکی ئینگلیـز خـۆی کـرد بـە یەکێـك لـەو خوێندنگایانـەدا، هەندێـك پرسـیاری لـە خوێنـدکارەکان کـرد کـە چـی دەخوێنـن. وەڵامیـان ئەوەبـوو کـە ئێمـە بـە پێـی سیسـتەمی ئیسـلامی دەخوێنیـن و هەرچـی لـە قورئـان و حەدیسـدا نەبێـت بڕوامـان پێـی نییـە و نایخوێنیـن.

پاشـان ئـەو ڕۆژنامەنوسـە یەکێـك لـە مامۆسـتاکانی دواند کـە ئافرەتێـك بـوو، ئەویـش هەمـان شـتی گـووت و جەختـی لەسـەر ئـەوە کـرد، کـە ئـەوان شـتێك ناخوێنن دژ بـە ئیسـلام بێـت، واتـە زانسـتی ئـەم سـەردەمە ناخوێنـن. ڕۆژنامەنووسـەکە تووشـی شـۆك بـوو. پرسـی چـۆن دەکرێـت لـە ناوەڕاسـتی ئەوروپا لـە وڵاتێکـی دیموکراتییدا و لەسـەر نەفەقـەی دەوڵـەت منداڵەکانتـان فێـری جـۆرە زانسـتێك بکـەن کـە زەمـەن تەجـاوزی کـردوە و بـۆ ئـەم سـەردەمە ناشـێت؟ لـە وەڵامـدا مامۆسـتاکە گووتـی: ئـەوە بـە دەسـت مـن نییـە، بەڵکـو بڕیـاری سەرپەرشـتیارانی خوێندنگاکەیـە.

## سەرەنجامی فەیلەسوفەکان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامییدا

وەك پێشـتر ئامـاژەم پێـدا لـە سـەردەمی خەلافەتـی ئیسـلامییدا، بـە تایبـەت لـە سـەردەمی خەلافەتـی عەبباسـییدا بزاڤێکـی ڕووناکبیـر و فەلسـەفی و زانسـتی لەئـارادا بـوو.

ئەوانـەی ئـەو بزاڤەیـان دەبـرد بەڕێـوە زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە نەتەوەکانی دیکـە بـوون، جگـە لـەوە ئەوانە یـان بێبـاوەڕ بـوون یـان ئیمانیـان بـە ئایـین زۆر لاواز بـووە. هـەر بۆیـەش پاشـان زۆربەیـان بـە دڕندانەتریـن شـێوە کـوژران یـان ئەشـکەنجە دران، یـان دەربـەدەر و نـان بـڕاو کـران نموونـەکان ئەمانـەن: (حـەلاج، ئیبن ڕوشـد، ئەبـی بەکـر ڕازی، فارابـی، ئیبن هەیسـەم، بشار بـن بـرد، ابـن مقفـع، ابـن خطیـب، کنـدی. عباس بـن فرنـاس و چەنـد زانایەکـی دیکـە).

کوشـتنی ابـن ختیـب بـە شـێوەیەکی وەحشـیانە، بـە هـۆی دۆزینـەوەی نەخۆشـیی تاعونـەوە بـوو کـە گووتبـووی لـە کەسـێکەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ کەسـێکی تـر. واتـە نەخۆشـییەکی «ساری»ـە، ئەمـەش بـە لای ئەوانـەوە دژ بـە حەدیسـی نەبەوییـە. بۆیـە کوشـتیان. خسـتیانە گـۆڕ، دوایـی دەریـان هێنـا و سـوتاندیان و جارێکـی تـر خسـتیانەوە گـۆڕەوە. بـە مەرجێـك بـێ گوناهیشـی سـەلمێنرابوو. ئەمـە لـە ئەندەلـوس ڕوویـدا. یاخـود کەنـەدی کـە زانـای فەلـەك، پزیشـك، موزیـك،

دەروونناس، لۆژیك، کیمیا و فیزیا بوو.

خەلیفە موتەوەککیل بەوە ناسرابوو دژی زانایان بوو ئیدی موسوڵمان بوایە یا نا. فەرمانی کوشتنی کندی دەرکرد. کندی پشتگیریی لە خۆی کرد، وتی (دوژمنانی فەلسەفە جاهلن بێ مێشکن غەبین، بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن).

## پێگەی موسوڵمانان لە خەڵاتی نۆبڵدا

خەڵاتی نۆبڵ باشترین پێگەیە بۆ ناسین و بەرجەستەکردنی توانا و بەهرەی هەر وڵاتێك یان نەتەوەیەك لە بواری زانستدا.

ئەلفرید نۆبڵ 1833 - 1896 ئەندازیاری کیمیاوی بوو لە سوید، لە ژیانیدا 350 داهێنانی کردوە، گرنگەکەیان دۆزینەوەی دینامیت بوو بۆ تەقاندنەوە، خۆی دامەزرێنەری خەڵاتی نۆبڵ بوو، لەسەر پێشنیاری خۆی ئەم خەڵاتە بەخشرا بەو کەسانەی لە بوارێکی زانستییدا خزمەتیان کردوە.

سەرەتا تەنها لە چەند بوارێکی دیاریکراودا دەبەخشرا، بەڵام پاشان بوارەکان فراوان بوون، لە ئێستادا لەم بوارانەدا خەڵات دەبەخشرێت: فیزیا، کیمیا، ئابووری، ئەدەب، پزیشکی، ئاشتی. زانستی هەمەجۆر و بواری دیکەش، یەکەم خەڵات ساڵی 1901 بەخشرا.

* جولەکەکان کە ژمارەیان لە جیهاندا بە (12) ملیۆن مەزەندە دەکرێت 184 خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتوە.

* بەڵام بە (59) وڵاتی ئیسلامی کە ژمارەیان ملیاردێك و 600 ملیۆنە تەنها 9 خەڵاتیان وەرگرتوە.

جا ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ حساب بکەین دەبوو نزیکەی هەر 25000 موسوڵمان خەڵاتێك وەربگرن.

لە بواری کیمیادا تا ئێستا (111) خەڵات بەخشراوە. تەنها یەك عەرەب لەو بوارەدا وەریگرت ئەویش (ئەحمەد حسن زەوایل) ساڵی 1999 وەریگرت کە لە کالیفۆرنیا وانەی دەگووتەوە. بڕوانامەکەشی لە زانکۆی بەنسلڤانیا وەرگرتوە.

لەبواری ئابوریدا 76 کەس وەری گرتوە. یەك موسوڵمان یان عەرەبی تێدا نییە.

لە بواری دەرمانسازیدا (107) خەڵات بەخشراوە بە هەمان شێوە موسوڵمانان لێی بێبەشن.

یابانییەکان کە ژمارەی دانیشتوانیان 128 ملیۆنە تا ئێستا (9) خەڵاتی نۆبڵیان لە بوارە جیاجیاکاندا وەرگرتوە کە زۆربەیان داهێنانی تەکنەلۆجین.

لە بواری ئەدەبدا (109) خەڵات بەخشراوە، لە نێو عەرەب و موسوڵماناندا تەنها نەجیب محفوز ساڵی 1988 وەریگرتوە، کە ئەویش بە بیر و بۆچوون و مومارەسەی کەسێکی عەلمانی بووە.

لە بواری ئاشتیشدا ڕالف بونچە 1950 لە فەلەستین وەری گرتوە. ساڵی 1978 سادات لە میسر. ساڵی 1994 یاسر عەرەفات فەلەستین. ساڵی 2003 شیرین عەبادی ئێرانی لە بواری داکۆکی لە دیموکراتی و مافی مرۆڤ وەریگرت. ساڵی 2005 محمد بەرادعی میسری لە بواری وزەی ناوەکییدا وەریگرت. 2014 مەلالە یوسفزا پاکستانی لە بواری داکۆکی لە خوێندنی منداڵانی کچ وەریگرت.

## بەراوردێکی گرنگ

تۆماس ئەدیسۆن خۆی بە تەنها 1093 داهێنانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە، بە تایبەتی لە بواری

پیشەسازی و تەکنەلۆجیادا کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش مرۆڤایەتی قەرزداری کارەکانییەتی. گەر ئەدیسۆن نەبوایە دەبوو تا ئێستا بە تاریکی دابنیشتینایە.

بەڵام لەولاوە لە بەرەی ئیسلام و دژ بە زانستدا (ئیبن تەیمییە)مان هەیە کە نقلّ پێش عەقلّ دەخات. واتە ئایین پێش زانست و بەرهەمی ئەقڵی دەخات. فیزیا، کیمیا، مەنتق و فەلسەفە تەحریم دەکات و بەمەش هەزارەها جیلی توندڕەو و تیرۆریستی بەرهەم هێناوە کە کاریگەر بوون بە بۆچوونە مەترسیدار و دژە ئینسانییەکانی. هەر وتەکانی ئیبن تەیمییەیە، ئەمرۆ ژیان وێران دەکەن و دژ بە هەموو زانستێك دەوەستنەوە.

جا ئایینێك گەر ئیبن تەیمییە و هاوشێوەکانی بەرهەم هێنابێت، بێگومان ناکرێت و ناتوانین بڵێین ئەو ئایینە زانست دۆستە.

**سەرچاوەکان:**


1. تاريخ دمشق لابن عساكر. لاپەڕە 138.
2. فيض القدير. بەرگی 5 لاپەڕەی 19.
3. ابن طبرى تاريخ مختصر للدول، دولة التاسعة.
4. مێژووی ئیبن خەلدون. بەشی یەك لاپەڕە 156.
5. هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 430.
6. دی پاوڵ، مێژووی فەلسەفە لە ئیسلامدا. لاپەڕە 28.
7. ابن أبى أصيبعة، عيون الانباء فى طبقات الاطباء. بەشی 72 لاپەڕەی 124.
8. فهرست لابن النديم لاپەڕە 425.
9. عيون الانباء فى طبقات الاطباء. لاپەڕە 256.
10. البداية و النهاية لابن كثير بەرگی 10 لاپەڕەی 251.
11. صحيح بخاری بەرگی 15 لاپەڕە 223.
12. ئیبن تیمیە بەرگی 10 لاپەڕە 613.
13. فەتاوی ئیبن تەیمییە بەرگی 9لاپەڕەی 142.
14. الحاوى للفتاوى لاپەڕە 393.
15. فەتاوی ئیبن تەیمییە بەرگی 29 لاپەڕەی 378.
16. سير الاعلام النبلاء 407.
17. اغاثە اللهفان بەشی 2 لاپەڕە 443.
18. سير أعلام النبلاء لاپەڕە 344.
19. رشيد مغربى، پرسیاری بوێر، ژمارە 124.
20. مصير بعض العقول التى انارت التاريخ.
21. جدلية الإسلام و الأسئلة المحرجة.
22. محاضرة د. نضال قسوم.
23. موقف العلامة البواحي من تقنية الانترنت.